*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.2, 2024, Pages (113-139)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.2.6**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Situation of Using Kurdish Language in the Law Department at Kurdistan Universities

**Hazhar Khudadad Hassan***
**Garmian University**
**hazhar.khudadad@garmian.edu.krd**

**Received:** 14/8 / 2023, **Accepted:** 4 / 9 /2023, **Online Published: 29 / 2 / 2024**

## Abstract

More than one language of instruction can be discerned in the higher education system of the Kurdistan Region. In the colleges and departments of pure and applied sciences, the programmes are taught in English or a mixture of English and Kurdish. However, Kurdish is not yet fully relied on in colleges and departments of humanities and social sciences. That is, in some departments and colleges, it is still assumed that the Arabic language is dominant in the learning process. The main aim of this study is to determine the level of use of Kurdish as a medium of instruction in law departments at Kurdistan Region universities. Additionally, to understand the effects of the Kurdishization of education in the law department on the learning process and to unveil the obstacles facing the process of Kurdishization of programmes and teaching, specialised subjects in the law department at the universities of the Kurdistan Region.

* **Corresponding Author**: Hazhar Khudadad**, Email:** hazhar.khudadad@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

The research is descriptive and relies on a survey method to obtain the opinions of 103 students of both genders (male and female) in different stages of the Department of Law at the University of Garmian during the second semester of the academic year (2022-2023).
This research has reached several concluding points, chief among them being that the language used in the student-related activities is Kurdish, while in the teacher-related tasks, Arabic is mainly used. Kurdishization of the law in the law department will also have several positive effects on the learning process, including making students feel comfortable, reducing their level of fear and anxiety, and enabling them to participate in questions, answers, scientific discussions, and classroom activities. Meanwhile, the study found that there are several obstacles to the process of Kurdishization of the curriculum and teaching of law departments in universities, including the lack of a legal curriculum in Kurdish and an underestimation of the capacity of the Kurdish language dictionary for conveying and teaching legal subjects.
**Key Word :** language policy, language planning, language use, mother tongue, educational linguistics

# وضعية إستخدام اللغة الكردية في دراسة قسم القانون بجامعات إقليم كوردستان

هەژار خداداد حسن
**جامعة كرميان**

**المستخلص**

يستطيع نظام التعليم العالي في إقليم كوردستان التمييز بين أكثر من لغة للتدريس. وفي كليات وأقسام العلوم البحتة والتطبيقية، يتم تدريس المقررات باللغة الإنجليزية أو بمزيج من اللغتين الإنجليزية والكوردية. إلا أن اللغة الكردية لم يتم الإعتماد عليها بشكل كامل حتى الآن في كليات العلوم الإنسانية والإجتماعية. ومع ذلك، في بعض الأقسام والكليات، لا يزال من المفترض أن اللغة العربية هي المهيمنة على عملية التعلم. تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى إستخدام اللغة الكوردية كلغة التدريس في قسم القانون. بالإضافة إلى فهم تأثير التعليم باللغة الكوردية في كليات الحقوق على عملية التعلم، والكشف عن المعوقات التي تواجه عملية تدريس المقررات الكوردية والمواد التخصصية في هذة الكليات.

تعد الدراسة من الدراسات الوصفية وتعتمد على الأساليب المسحية للحصول على آراء (103) طلاب وطالبات في مراحل مختلفة من كلية الحقوق جامعة كرميان خلال الفصل الدراسي الثاني من العام الدراسي (2022–2023).

وتوصلت الدراسة إلى عدة نتائج، أهمها؛ أن اللغة المستخدمة في الأنشطة المتعلقة بالطلاب هي اللغة الكوردية، في حين أن المهام المتعلقة بالأساتذة كانت في الغالب باللغة العربية. كما أن دراسة مقررات القانون باللغة الكوردية في أقسام القانون لها العديد من الآثار الإيجابية على عملية التعلم والتعليم، بما في ذلك جعل الطلاب يشعرون بالراحة، وتقليل مستويات الخوف والقلق لديهم، وتمكينهم من المشاركة في جلسات الأسئلة والأجوبة، والمناقشات الأكاديمية، والأنشطة الصفية.. وفي الوقت نفسه، وجدت الدراسة عدة عوائق أمام تقدم اللغة الكوردية والتدريس بها في أقسام القانون بالجامعات، بما في ذلك عدم وجود المقررات القانونية باللغة الكوردية والتقليل من قدرة قاموس اللغة الكردية على نقل وتدريس المواضيع القانونية.

**الكلمات الدالة:** السياسة اللغوية، التخطيط اللغوي، إستخدام اللغة، لغة الأم، اللغويات التربوية.

# ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندنی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان
# (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**هەژار خودادا حەسەن**
**زانکۆی گەرمیان**

## پووختەی توێژینەوە:

زمانی خوێندنی بابەتە پسپۆرییەکان لە سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە شێوازێکە، زیاتر لە زمانێک بەدیدەکرێت، لە کۆلێژ و بەشە زانستییە پەتیی و کردارییەکان، پرۆگرامەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێت یاخود تێکەڵەیەکە لە زمانی ئینگلیزیی و کوردیی، هەروەها لە کۆلێژ و بەشە زانستییە مرۆییەکان هێشتا زمانی کوردی بەتەواوی نەچەسپاوە و لەهەندێک بەش و کۆلێژ هێشتا گریمانەی باڵادەستی زمانی عەرەبی لە پێواژۆی فێربوون دەکرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆرییەکان لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها گەیشتن بە کاریگەرییەکانی بەکوردیکردنی خوێندن لە بەشی یاسا لەسەر پرۆسەی فێربوون و ئاشکراکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

توێژینەوەیەکە لەڕووی جۆرەوە وەسفییە و پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوکاری بەستووە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی (103) خوێندکار لە هەر دوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە قوناغە جیاوازەکانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان لەماوەی سمستەری دووەمی ساڵی خوێندنی (2022-2023).

ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتووە، دیارترینیان: زمانی بەکارهاتوو لەو ئەرك و چالاکیانەی پەیوەستە بە خوێندکاران زمانی کوردییە، بەڵام لەو ئەرکانەی پەیوەستە بە مامۆستایان زمانی عەرەبییە. هەروەها

بەکوردیکردنی خوێندن لە بەشی یاسا چەندین کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پرۆسەی فێربوون دەبێت، لەوانە: هەست بە ئاسودەیی، کەمکردنەوەی ڕادەی ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەن خوێندکار و کارابوونی بەشدارییان لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆی زانستیی و چالاکییەکانی ناو پۆل. لەگەڵ ئەوەش توێژینەوەکە گەیشتووە بەوەی کە چەندین ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکان هەیە، لەوانە: بەردەستنەبوونی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە یاساییەکان بە زمانی کوردی و بەکەم تەماشاکردنی توانای فەرهەنگی زمانی کوردی لە ئاست گەیاندن و فێرکردنی بابەتە یاساییەکان.

**وشەی سەرەکی: سیاسەتی زمان، پلانی زمان، بە کوردیکردنی خوێندن، زمانی دایک، زمانەوانی پەروەردەیی**

## پێشەکی:

یەکێك لەو ئامانجە سەرەکیانەی کۆمەڵگە و حکومەتەکان بەرێگەی جۆراوجۆر هەوڵ بۆ هێنانەدی دەدەن، پاراستنی زمانی نەتەوەکەیان و کارکردن بۆ ڕێکخستن و گەشەکردنیەتی، هەروەها بەکارهێنانییەتی بە ئاراستەیەکی دروست لە تەواوی بوار و پسپۆرییەکان. یەکێك لەوڕێگەیانەش دیاریکردنی سیاسەتێکی زمانەوانیی ڕوون و نیشتیمانییە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردن لە ناوەندە زانستییەکان، بەتایبەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کردەی پەیوەندیکردن و لیکتێگەشتن لە پێواژۆی خوێندندا.

دامەزراوەی ئەکادیمییەکان لە سەرووی هەموو ئەو ناوەندانەی تری کۆمەڵگەن کە لەتوانایاندایە زمانی نەتەوە بۆ پێدانی زانست، ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی و گەشەپێدانی توانای تاك بەکاربهێنن.

لە هەرێمی کوردستان، تاوەکوو بەهاری (1991)، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی زمانی عەرەبی، زمانی خوێندن و فێرکردن لە پەیمانگە و زانکۆکان بوو، لەپاش هێنانەکایەی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی نوێ دەستیپێکرد و زمانی کوردیی لەپاڵ زمانی عەرەبی و هەندێکجاریش زمانی ئینگلیزیی بەکارهات، لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق (2005)، دەرفەتێکی گرنگ بۆ زمانی کوردی هاتەکایەوە و بەپێ مادەی چواری دەستوورەکە زمانی کوردیی، شانبەشانی زمانی عەرەبی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان و ..هتد بە زمانێکی فەرمیی ناسێندرا و مافی سەرجەم عێراقییەکان لە فیرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان گەرەنتی کرا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرباری هەموو ئەو دەرفەتانەی بۆ بەکارهێنان و بەپێزکردنی زمانی کوردیی دروستبوون، کەچی هێشتا کاتێك سەرنجی زمانی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی دەدەیت، زیاتر لە زمانێک دەبینرێت، هەر بۆنموونە: لە کۆلێژ و بەشە زانستییە پەتیی و کردارییەکانی، وەکوو: (بەشە پزیشکییەکان، بەشە ئەندازەییەکان، بایۆلۆژی، کیمییا، فیزیا و..هتد) پرۆگرامەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێت، هەندێکجار زمانی خویندن تێکەڵەیەکە لە زمانی ئینگلیزیی و کوردیی، هەروەها پێواژۆی خوێندن بە زمانی کوردیی لە کۆلێژ و بەشە مرۆییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هێشتا بەتەواوی نەچەسپاوە و لەهەندێک بەش و کۆلیش هێشتا زمانی عەرەبی باڵادەستە لە پێواژۆی فێربوون، یەکێک لەوانە؛ بەشی یاسایە.

ئەو دیاردەیە لەکاتێکدایە کە لەیاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی باس لە کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردیی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکاندا و هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستیی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردیی کراوە. ئەم توێژینەوەیە

هەوڵدەدات لە ڕەوش و ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی وە زمانی پێخوێندن لە بەشی یاسا لە زانکۆکان بکۆڵێتەوە، هاوکات دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی خوێندن بە زمانی کوردیی لەسەر پرۆسەی فێربوون و ئاستەنگییەکانی بەکوردیکردنی خوێندنی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەڕووانگەی خوێندنکارانی زانکۆوە.

## تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**گرنگی توێژینەوە:** ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە چەند لایەکەوە دەردەکەوێت:

أ- کۆمەڵ: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەڵگەیەکی گرنگ دەبێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی و زانکۆکان سەبارەت بەڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکان. هەروەها زانینی چوونی خوێندکارانیان لەبارەی ئەو بابەتە و لێکەوتەکانی لەگەڵ زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکوردیکردنی پرۆسەی خوێندن لەو بەشەدا.

ب- پسپۆڕێتیی: تا سنوری ئاگاداربوونی توێژەر یەکەمجارە توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە لەسەرڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت. ئەمەش بە هەنگاوێك بۆ پێویستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەك زمانی پرۆسەی خوێندن لەو بەشانە دادەنرێت، چونکە زمانی کوردی خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشەیە و دەرەقەتی ئەوە دێت کە لە هەموو بوارەکانی زانست بەکار بهێنرێت بەتایبەت بواری یاسا.

ت- زانست: ئەم توێژینەوەیە دەبێت بەسەرچاوەیەکی زانستیی گرنگ لە بواری زمان و دەشێت ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەو زانستە سوودی لێوەربگرن و خوێندکاران و توێژەرانی بواری زمانیش پشتی پێببەستن.

- **کێشەی توێژینەوە:** بەشی یاسا یەکێکە لەو بەشانەی لە زۆربەی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و ساڵانە بەشێك لە خوێندکارانی دەرچووی قۆناغی ئامادەیی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ڕووی لێدەکەن. زۆرینەی زۆری خوێندکارانی بەشەکانی یاسا لە هەرێمی کوردستان زمانی دایکییان بریتییە لە زمانی کوردی، بەڵام ئەوەندەی تێبینی دەکرێت تەواوی پرۆسەی خوێندن و فێربوون لەو بەشەدا بە زمانی کوردی نییە گریمانە دەکرێت ئەو بەشەی پەیوەستە بە ئەرکەکانی مامۆستا بەرامبەر بە خوێندکار بە زمانی عەرەبییە. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە.

- **ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە، لەوانە:

1- زانینی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆرییەکان لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

2- گەیشتن بە کاریگەرییەکانی بەکوردیکردنی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە بەشی یاسا لەسەر پرۆسەی فێربوون.

3- ئاشکراکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

- **جۆرو ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە و پشتی بەڕێبازی ڕووپێوکاری بۆ وەرگرتنی بۆچوونی مشتەیەك لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان سەبارەت بە ڕەوشی زمانی کوردی لە پرۆسەی خوێندن لە بەشەکەیان بەستراوە.

- **کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە:** کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و مشتەکەشی لە (103) خوێندکار لە هەر دوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان پێکهاتووە کە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون.
- **سنوری توێژینەوە:** لە چوار سنوری سەرەکی پێکهاتووە:

- سنوری کات: بریتییە لە سمستەری دووەمی ساڵی خوێندنی (2022-2023).
- سنوری شوێن: ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کە بریتییە لە قەزای کەلار و کامپی سەرەکی زانکۆی گەرمیان و بەشی یاسای لەخۆگرتووە.
- سنوری مرۆیی: بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی (یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەم)ی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023).
- سنوری بابەت: توێژینەوەیەکی کارەکییە، لە چێوەی( کۆزمانەوانی- زمانەوانی کارەکی)دایە.

- **ڕاستی و جێگیریی توێژینەوە:**

أ- ڕاستی ڕووالەتی: بۆ دڵنیابوون لە درووستی لایەنی زانستیی بڕگە و پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپێوییەکە و گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، فۆرمێکی سەرەتاییمان درووستکرد و پاشان ئاراستەی چەند پسپۆڕێکی* بوارەکەمان کرد، دواتر سەرجەم تێبینی و سەرنجی پسپۆڕانی لەسەر ناوەڕۆکی فۆرمەکەمان جێگیرکرد و لەڕێگەی هاوکێشەی (هۆڵستی) ئەنجامی دروستیی فۆرمەکە بریتیی بوو لە (87.1%).

ب- جێگیریی: بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیریی بۆچوونی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان دەربارەی ناوەڕۆکی پرسیارەکانی ڕاپێوینامەکە، لە پاش دوو هەفتە لە دابەشکردنی فۆرمەکان، بۆ جارێکی دیکە بەسەر (10%)ـی بەرتوێژان دابەشکرایەوە، پاشان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستی دەرکەوت ڕێژەی جێگیریی بریتییە لە (81.3%).

- **توێژینەوەکانی پێشوو:** لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینی وردی توێژەر بەنێو کتێبخانەی ئەکادیمی و گۆڤاری زانستیی زانکۆکان، چەند توێژینەوەیەکی نزیك لە توێژینەوەکەمان بەرچاوکەوت، لە خوارەوە بەپێی نوێترینیان و دەخرێنەڕوو:

**توێژینەوەی یەکەم:** توێژینەوەی: (عەبدلواحید موشیر دزەیی و ئەوانیتر:٢٠٢٣، ٣٣١-٣٥٤)، بەناونیشانی: (بەکوردیکردنی زاراوە یاساییەکان گرفت و چارەسەر)، توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی -شیکاری ئەنجامدراوە، هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی کە دێتە بەردەم ریگای بەکوردیکرنی زاراوە یاساییەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی پێویست بۆ دۆزینەوە و زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی. ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەشتووە بریتیین لە، یەکەم: تا ئێستا، وەک پیویست زاراوەی کوردی لە بواری یاساییدا بەدیناکرێت و زاراوەی عەرەبی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کاریپێدەکرێت، دووەم: هۆکارەکانی سستی زاراوە لە بواری یاساییدا دەگەڕێتەوە بۆ سستی دەزگاکانی تایبەت بە داڕشتن و دانانی زاراوە، ئەوەش ئەرکی کۆڕی زانیاری کوردییە کە دوای (30) ساڵ لە حوکمڕانی کورد زاراوەی تایبەتی نەبێت بۆ بوارە

---

* ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپێوی بە پێی نازناوی زانستییان:

١- پ.د. دارا حمید مجید ، پسپۆری زمانی کوردی، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

٢- پ.د. ئومێد بەرزان برزۆ، پسپۆری زمانی کوردی، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

٣- پ.ی.د. ئازاد عزیز سلێمان، پسپۆری زمانی کوردی، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین.

جیاوازەکان لەوانەش بواری یاسایی، سێیەم: ڕێگاکانی دارِشتن و لیکدان ڕێگای باون بۆ دارِشتنی زاراوە بە گشتی و زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، هەروەها لە پاڵ ئەمەشدا ڕێگای وەرگرتن، واتە بە خۆماڵیکردن بە ڕێگایەکی گونجاو دەزانن بۆ چارەسەری کاتی بە دانانی ئەو زاراوانەی کە چەمکێکی تایبەتیان هەیە لە بواری یاسایدا.

**توێژینەوەی دووەم:** توێژینەوەی: (ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠٢٢، ٤٩٩-٥١٧)، بە ناونیشانی: (ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان)، تەرخانکراوە بۆ تیشکخستنەسەر گیروگرفتەکانی زمانی خوێندن و فێرکرن لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، توێژەر گریمانە دەکات کە لە ژیانی هاوچەرخماندا بەهۆی جیهانگیریی و هەژموونی زمانی ئینگلیزیی هەرەشە و مەترسییەکی گەورە لە سەر کەسێتی کەلتووری و لاوازی ناسنامەی نەتەوەیمان هەیە. ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدایە، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە، ئەوەندەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، دەیانخەینەڕوو: زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا فرەزمانییە، بەجۆرێک کە بە پێنج زمان: (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی و سریانی) لەو دوو کەرتە دەخوێنرێت. ئەنجامیکی تری توێژینەوەکە ئەوەیە: لە پرۆسەی فێرکردن بە زمانی ئینگلیزیی، متمانەکردن بە زمانی کوردی لاواز کردووە، لە بابەتە زانستییەکان هەر لە ئارادا نییە، بەمەش دەردەکەوێت ئەو سیاسەتەی گیراوەتەبەر بەرامبەر زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکردن بریتییە لە سیاسەتی دەستتێوەرنەدان، ئەمەش لە کاتێکدا دروستە کە زمانی نەتەوەیی بە هێز و بە توانابێت و جێی مەترسی نەبێت. کۆتا ئەنجام ئەوەیە، بەکارهێنانی زمانی دایک لە بواری پەروەردەیی و جێگیرکردنی لە زمانی خوێندندا، دەبێتە بنەمایەک بۆ گەشەکردنی زمانی فێرخواز پەیوەست بە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی.

**توێژینەوەی سێیەم:** توێژینەوەی: (شێرکۆ حەمەئەمین قادر: ٢٠٢١، ٨٣-٩٠)، بە ناونیشانی: (زمانی یاسا، ئارێشە و چارەسەر - پەرلەمان و دامەزراوە دادوەرییەکان بە نمونە)، لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕێبازی وسفی شێکاری بەکارهێنراوە. توێژەر پشتیبەستوە بە شیکردنەوەی چەند دەقێکی یاسایی کە پێکهاتون لە کۆمەڵێک نووسراوی فەرمیی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نمونەی پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان. توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێک، پەیوەست بە توێژینەوەکەی ئێمەوە، بریتیین لە: یەکەم، سەرباری پاڵپشتی دەستوری و یاسایی، وەک مافێکی بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەڵام تا ئێستا لە بەشێکی دامەزراوە دادوەرییەکان زمانی کوردی بەکارنایەت، بە تایبەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم سەرجەم ڕێککارەکانی بە زمانی عەرەبییە، لەو شوێنانەشی زمانی کوردی بەکاردێت، لە هەموو ئاستەکانی زماندا زمانی یاسایی بە ڕێژەی جیاواز کێشەی هەیە. خاڵی دووەم، بەکارهێنانی جوتزمانی واتە کوردی و عەرەبی لەیەک دەقی یاساییدا کێشەیەکی تری زمانی یاساییە. خاڵی کۆتایی ئەنجامەکە ئەوەیە کە کێشەی زاراوە یان بەکارهێنانی زاراوەیەک بە واتایەکی دوور لە مەبەستی دەقەکە گرفتێکی تری ئەم بوارەیە.

**توێژینەوەی چوارەم:** توێژینەوەی: ((Mihraban Salih Saeed: 2020, 1-167، بە ناونیشانی: ( Language Planning and Policy in High Education in Iraqi Kurdistan From Nationalism to Globalization)، واتە سیاسەت و پلانی زمانی لە خوێندنی باڵای کوردستانی عێراق لە نەتەوەخوازییەوە بۆ جیهانگیریی، لێکۆڵەر لە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانەکانی ترە بە تایبەتی ئینگلیزیی و عەرەبی شانبەشانی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەکە بۆ دژایەتیکردنی ئەو سیاسەتە زمانییەیە کە ساڵانێکە پەیڕەو دەکرێت و پێیوایە ناتوانێت بۆ دەرچوەکانیان هەلی کار و دەرفەتی خوێندن

لەدەرەوەی وڵات برەخسێنێت، هەر بۆیە لێکۆڵەر ئەوە بە کێشەی لێکۆڵینەوەکەی دەزانێت، لەو پێناوە لێکۆڵینەوەکەی تەرخانکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە سیاسەتی زمانی خوێندنی باڵادا بەوەی کە خوێندکاران ئامادەبکرێن و پەرەبدرێت بە توانای قسەکردنیان بە زمانانی تر. بۆ بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە، لێکۆڵەر ڕێبازی وەسفی شیکاری (چۆنیەتی و چەندێتی) بەکارهێناوە، داتاکانیشی بە ڕێگەی (فۆرمی ڕاپێویی و چاوپێکەوتن) کۆکردۆتەوە، ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بەمشێوەیە، خواستی دەسەڵاتداران و بریاربەدەستانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان ئەوەیە کە زمانی بریارلێدراوەکانی خوێندن لە بەشە زانستییە پەتی و کردارییەکان بە زمانی ئینگلیزیی بێت، بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکانیش بە زمانی کوردی بێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی سیاسەتێکی زمانەوانیی تۆکمە و کۆنکریت لە هەرێمی کوردستان، ڕەنگە لە ئایندەش نەبێت بەهۆی ئەو سێبەر و دەستوەردانە سیاسییەی (حزب) کە باڵی بەسەر سیاسەتی زمانەوانیی داناوە. کۆتا ئەنجام ئەوەیە کە ململانێیەکی بەردەوام لە دەستەی بریاردان لە نێوان گرووپی لایەنگرانی سیاسەتی زمانی نەتەوەیی و گرووپی لایەنگرانی سیاسەتی زمانەوانیی جیهانگیری هەیە، ڕەوشەکە بەشێوەیەکە تا ئێستا پێدەچێت لە بەرژەوەندی لایەنگرانی جیهانگیری یەکلاببێتەوە.

**تێچین لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو:** ئاراستەی هاوبەشی توێژینەوەکان لەسەر چەند خاڵێك وەستاوە و لەگەڵ چەند تێبینییەکی میتۆدی لەسەریان.

- هەبوونی مەترسیی بەرامبەر زاڵبوونی زمانی بیانی بەتایبەت ئینگلیزی بەسەر بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و پەراوێزخستنی زمانی کوردی.

-کەمتەرخەمی لایەنەپەیوەندیدارەکان لە داهێنان و درووستکردنی زاراوەی کوردی لەبەرامبەر زاراوە بیانییەکان بەتایبەت لە بواری یاسا و داهێنراوە نوێیەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیا.

- نیگەرانی بەرامبەر بە دەستوەردانی سیاسیی و حیزبی لە بواری سیاسەتی زمانی کە بووەتە مایەی ئەوەی سیاسەتێکی زمانەوانیی تۆکمە و کۆنکریت لە هەرێمی کوردستان درووستنەبێت.

- دامودەزگاکان بەتایبەت دادگاکانی هەرێمی کوردستان، وەك پێویست زمانی کوردی لە کاروبارەکانیان بەکارناهێنن لەکاتێکدا دەستوور ئەو مافە بە زمانی کوردی دەدات.

- بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی بەو شێوازەی ئێستای لە بواری پەروەردە و فێرکردن، متمانەی هاوڵاتیانی بە زمانی کوردی لاوازکردووە.

- توێژینەوەکانی پێشوو بەگشتی وەسفین و لە ڕووی ڕێبازەوە کەمتر ڕێگەی ڕووپێوکارییان بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەو ڕێگەیە بەشێوەیەکی کرداری توێژەر دەگەیەنێت بە هۆکاری ڕاستەقینەی کێشەکان لە ڕووانگەی لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ زانینی ڕێگەکانی چارەسەرییان.

- توێژینەوەکان بەراوردکاری نین لە نێوان ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بووەتەوە لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی زمانێکی تری هاوشێوە لە جێگەیەکی دیکە بووبێتەوە، بۆئەوەی لەڕێگەیەوە بەو ڕێگە و میکانیزمانە ئاشنابین کە لە ژینگەیەکی هاوشێوە بۆ چارەسەریی گیراوەتەبەر.

**سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت لە چەند ڕوویەکەوە، لەوانە:

- دارشتنەوەی کێشەی توێژینەوەکە.
- دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستیی.
- دروستکردنی برگە و پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپێویی توێژینەوەکە.
- دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکە، هەروەها کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی درووست.
- سوودوەگرتن لە بەشێك لەو سەرچاوانەی لە ناوەرۆکی توێژینەوەکانی پێشوو هەبوون.

- بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشوو پێی گەیشتوون.

## تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە:

بۆ چارەسەری کێشە زمانییەکان لە ڕووی پرسی بیروباوەڕی زمانی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیای زمانی کەمینە و مافی زمانی، بەکارهێنای زمان وەک ئامرازی فێرکاری و کردەی تێگەیشتن لە ناوەندەکانی خوێندن، کێشەی فەرهەنگ و زاراوەسازی ...هتد سیاسەت و پلاندارێژی زمانی پێویستە، ئەمەش بۆ ئەوەی زمان بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە نێو کۆمەڵگا بەکاربێت و لە هەڕەشە و پاشەکشێ و لە ناوچوون بپارێزێت. واتا پێشکەوتن و گەشەی هیچ زمانێک بێ سیاسەت و بێ پلانڕێژی زمان نایەتەدی، هەر بۆیە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم باسە بە پێتڤی دەزانین هەردوو چەمک و پێناسەی سیاسەت و پلانڕێژی زمانی لە ڕووی تیۆرییەوە ڕونبکەینەوە. ئەگەرچی هەردوو تێگەی سیاسەت و پلاندارێژی زمان پەیوەندییەکی بتەویان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن و هەندێک جار لە بری یەکتریش بەکاردەهێنرێن، بەڵام (پێویستە ئەم دوو تێگەیە لەیەکتر جودابکرێنەوە و ئەرک و ئامانج و چالاکی و بوار و سنوری کارکردنیان دەستنیشان بکرێن. هەندێک پێیان وایە سیاسەتی زمان بەشێکە لە پلانی زمانی زمان و هەندیکی تر پێیان وایە بە پێچەوانەوەیە، بەڵام وەک دیارە پێش ئەوەی پلانی زمان هەبێت، دەبێت دەوڵەت کۆمەڵێک باوەڕ و پرەنسیپ و یاسای هەبێت ئەوسا بە پێی ئەم یاسایانە پلانی زمان دابڕێژێت،و حکومەتیش وەک دەسەڵاتی جێبەجێکار لەسەر ئەو پلانە زمانییە دەڕوات و جێبەجێی دەکات).(سوداد رەسوڵ، ٢٠٢٣، ١٥) بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی باسەکە لە خوارەوە بە جیا لەسەر هەر تێگەیەکیان دەوەستین:

### سیاسەتی زمان: (Language Policy)

سیاسەتی زمان پرسێکی گشتی و فرە رەهەندە، لایەنی ( کۆمەڵایەتی، دەروونی، زمانەوانی، ئابوری و بازرگانی، شوناس، کارگێری و سیاسەت) دەگرێتەوە، لە بواری کاری زمانەوانیش پرسی(تاکزمانی، جوتزمانی، فرەزمانی، پاراستنی زمان، مردنی زمان، مافی زمانی کەمینە،...هتد)، بۆیە دیدگاو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پێناسەکردنی سیاسەتی زمان بەرچاودەکەوێت، کە لێرەدا هەندێک پێناسە دەناسێنین و گەنگەشەیان لەبارەوە دەکەین.

سیاسەتی زمانی ئەو سیاسەتەیە کە هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی دەوڵەوت یاخود دەسەلاتە بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی زمانی نەتەوەیی، زمانی کەمینە، زمانی خۆجێی، زمانی ئاینی و زمانی جیهانی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیگرێتەبەر. کە ئەمەش پشتبەست بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دەوڵەت کە لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە زمانی وڵات دیاریدەکرێت، بەتایبەتیش هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات، کە لە دواییشدا دەستوور و یاساکانی وڵات و دامەزراوەکان بەو زمانە دەنوسرێنەوە. (ئەو زمانە فەرمییەش کە دەستنیشاندەکرێت، وێنە و ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتەکە دەبەخشێت، ئەم زمانە لە کۆمەڵگەی تاکزمانیدا زمانی نەتەوەییە، لە کۆمەڵگەی جوتزمانی و فرەزمانیدا زمانێکی نیشتیمانییە، لە تەواوی دامودەزگاکانی سەربە دەوڵەت بەکاردێت، لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ زمانی ستاندار یەکدەگرێتەوە). (سەلام ناوخۆش، ٢٣:٢٠١٠-٢٥) جونکە هەر بە هۆی سیاسەتی زمانەوە کار لەسەر هەڵاوێرکردنی زارێک یان زمانێک وەکو زمانێکی ستاندار/فەرمی دەکرێت، هەروەها کاریش لەسەر

جێبەجێکردن و بەجێهێنانەکانی ئەو زمانە دەکرێت. ( محەمەد مەحوی و شاخەوان جەلال، ٢٠١٤:٢)، لەبەر رۆشنایی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین، سیاسەتی زمانی کۆمەڵێک هزر و بیروباوەڕ و ئاسایە کە دەسەڵات پیادەی دەکات لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەکرێتەوە، واتە لە دەسەڵاتدارانەوە بۆ کۆمەڵگا و ڕێکخراو و ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیی و زانستییەکان، بە بۆچوونی هەندێک لە زمانەوان دەکرێ پێچەوانەی ئەم تێگەیەش دروستببێت. بۆ نمونە، زمانەوانانی وەک کەپلان و باڵدۆف سەبارەت بە سیاسەتی زمانی دەڵێن: (( سیاسەتی زمانی بریتییە لە چەند بیرۆکەیەک، یاسایەک، ڕێکخەرێک، دەستورێک و جێبەجێکردنێک، بە مەبەستی بەدەستهێنانی گۆڕان لە زمانی پلان بۆ دانراو لە کۆمەڵگەکاندا))(Johnson,2013,4) ،وەرگیروە لە(ئازاد عزیز،٢٠٢٢، ٦٨)، هەروەها (Schiffman Harold) پێیوایە سیاسەتی زمان بە پلەی یەکەم بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هەڵقوڵاوی کولتوری ئەو کۆمەڵگەیە کە بەو زمانە قسەدەکات و کۆمەڵێک بواری کولتووری وەک: سیستەمی باوەڕی کۆمەڵگەکە، بەهاکانی، هەڵوێست، ئەفسانەکان، ڕەفتاری زمانی، و هەموو ڕەگەزە کولتورییەکانی دیکە دەگرێتەوە، هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەڕەتە، شیفمان، سیاسەتی زمانی بە کەلتووری زمانەوانی ناودەبات.( Schiffman, 1996.276). لە پێناسەکانی ئەم زمانەوانانەیش بەوەدەگەین، کە سیاسەتی زمانی قۆناغێکی تیۆرییە، لە ڕێگەیەوە کەتوار(واقع)ی کۆمەڵایەتی و زمان بە یەکترییەوە دەبەسترێنەوە، (کە مەرج نییە بەتەنیا لە دەسەڵاتەوە بۆ کۆمەڵگە بێت، بەڵکو دەکرێ لەخوارەوەش ڕێکخراوەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە زمانییە، چونکە ئەو پاشخانە کولتوورییە کە لە کۆمەڵگە هەیە، ئەو سیاسەتە زمانییە دەستنیشاندەکات و ئاراستەیدەکات. بۆ پشتیوانی لەم ئەرگۆمێنتە زمانەوان (سپۆلسکی-Spolsky) پێیوایە سیاسەتی زمان واتە ئایدۆلۆژیای زمان، واتە ئەو باوەڕەی خەڵک بۆ زمان هەیەتی پێویستە لە سیاسەتی زمان ڕەنگبداتەوە و جێبەجێبکرێ. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی زمانەوان ونوسەر ورۆشنبیرانیش دەستنیشاندەکات کە ئەوانیش کار لەسەر گۆڕین وئاراستەکردنی زمان دەکەن. (سوداد رەسوڵ، ٢٠٢٣، ١٧) لەگەڵ ئەوەشدا زمانەوان (کووپر) باوەڕی وایە، هەرچەندە سیاسەتی زمانی جاروبار هاواتای پلاندارێژیی زمانی بەکاردەهێنرێت، بەڵام سیاسەتی زمانی مەبەست و بیرۆکەی زاڵ بەسەر چۆنییەتی داڕشتنی پلاندارێیی زمانی دایە و پلاندارێژی زمانی پلانێکی کردارییە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی. (سعد عبدالرزاق قازی، ٢٠٢٠، ١٦) واتە دوای قۆناغی سیاسەتی زمان، هەنگاوی دووەم دەستپێدەکات، کە قۆناغی پلانرێژی زمانە، ئەمیش بە کارەکیکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان هەڵدەستێ.

## پلاندارێژی زمانی:(Language planning)

پلانرێژی زمانی زاراوەیەکی زانستی نوێیە بەراورد بە دیاردە زمانییەکە، لەبەرئەوەی ئەو دیاردەیەی کە پلانی زمانی کاری لەسەر دەکات، لە نێو کۆمەڵگاکاندا دیاردەیەکی کۆنە، ئەگەر چی بەو شێوە زانستییەی ئێستاش نەبێت، لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی پلاندارێژی، زاراوەی (پلانی زمانی)یش بەکارهێنراوە، لە زمانی فارسی (بەرنامەریزی زبان) و لە زمانی عەرەبی (التخطیط اللغوی) و لە زمانی ئینگلیزیشدا(Language Plannin)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، (زاراوەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٧)لە لایەن (ئینار هاوجن-Einar Haugen)ی زمانەوانی ئەمریکی بە ڕەچەڵک نەرویجی هاتۆتە نێو کایەی زانستی زمان، لە چوار چێوەی وتارێکدا بەناوی( پلانی زمانی

پێوانەیی لە نێروێژی نوێدا) کە تایبەت بوو بەزمانی نەروێژی ئاماژەی پێکردوە). (ئازاد عەزیز،١٩:٢٠١٤)، لە نێو نەتەوەی کوردیشدا، (ئەمیر حەسەنپوور وەک یەکەم کەسی کورد لە ساڵی (١٩٧٥) لە لێدوانێک لەگەڵ (تەوفیق وەهبی)دا بە سوودوەرگرتن لە زاراوەی ( Language Planning) زاراوەی (بەرنامە ڕۆنانی زمانی) بەکارهێناوە.(ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، ١٠)

پلاندارێژی زمانی یەکێکە لە بابەتەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی - زمانەوانی کارەکی کە تیایدا زمان لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دەخوێنرێتەوە و هەڵدەسەنگێندرێت، کە بریتییە لەو هەوڵە دەسانقەستانەی کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتی زمانیدا، بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر پێگە، فێرکاری و جەستەی زمانیی تاک، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، نەتەوە یا خەڵکی وڵاتێک، بە مەبەستی گۆڕین یا چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمان، ئەنجامەدرێت؛ هەوڵگەلێک کە زۆرجار لە لایەن دەسەلاتی سیاسییەوە بە مەبەستی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەنجامەدرێت و جاری وا هەیە لە لایەن تاک، خێزان یا گرووپی کۆمەڵایەتییەوە بە مەبستی جۆراوجۆری وەکو بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوەیی و هەروەها بۆ گەشەپێدان بە بابەتی زانستی، فیرکاری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، پەیوەندیکردن و... بەڕیوەدەچێت. (سعد قازی، ٢٠٢٠، ٥٩). بەڵام سپۆلسکی پێی باشە لە بری دەستەواژەی پلاندارێژی زمانی، بەڕیوەبردنی زمان (Language Management) بەکاربهێنرێت کە گشتگیرتر و مانابەخشترە، ئەو پێیوایە لە بەڕێوەبردنی زمان تەنیا زمانەوان و دەسەلات و زمان ئاراستە ناکەن، بەڵکو خێزان، دین، شوێنی کار، قوتابخانە، فەزای گشتی، دەزگای تەندروستی و یاساییەکان، بواری عەسکەری، ئاستی ناوخۆیی، حکومی، نەتەوەیی، .تاد هەر یەکێک لەمانە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئاراستەکردن و پێشخستنی زمان هەیە. (سوداد رەسوڵ، ٢٠٢٣، ١٧)، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری تێگەی پلانڕێژی زمانی هەندێک پێناسە لە دیدگای زمانەوانانەوە دەخەینەروو:

بریان وینستن (Brian Weinstein) سەبارەت بە پلانڕێژی زمانی دەڵێت: ((پلانڕێژی زمانی هەوڵێکی بە ئاگایەنە و درێژخایەن و بەردەوامی دەوڵەتە بە مەبەستی هەمووارکردنەوە و گۆڕینی زمان، یان گۆڕینی ئەرکەکانی زمان، بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئارێشە زمانییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا)) (Weinstein, 1980,55)

هەروەها ئینار هاوجن (Einar Haugen)، لەبارەی پلانڕێژی زمانەوە، پێیوایە: ((پلانڕێژی زمانی، چالاکییەکە، بۆ ئامادەکردنی ڕێنووسی پیوانەیی و ڕیزمان و فەرهەنگ گەلێکی نموونەیی، بۆ ئاراستەکردنی نووسەران و قسەکەران لە کۆمەڵگەیەکی زمانیی فرەچەشندا)) (Einar Haugen,1972,8)

لویس جان پێیوایە پلانڕێژی زمانی بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە. (لویس جان کالفی، ٢٠١٢، ١٥٢).

کەواتە دەتوانین بلێین، پلانڕێژی زمانی هەوڵێکی کارەکی جێبەجێکردنی سیاسەت و یاسا زمانەوانییەکانە کە لە لایەن دەسەڵات بە هەماهەنگی لەگەڵ زمانەوانان و شارەزایانی زمان ئەنجامەدرێت، بۆ مەبەستی سەپاندن، گۆڕین، گەشەکردن، پاراستن و بەرگری کردن لە زار یان زمان لە کۆمەڵگایەک یان ژینگەیەکی زمانیدا، لە پێناو چارەسەرکردنی ئارێشە زمانییەکان لە بواری پێگەی زمان، جەستەی زمان و فێرکاری زمانی.

## جۆرەکانی پلانڕێژی زمانی: (Types of Language Planning)

زمانەوانان لە توێژینەوەکانیاندا بوارو جۆرەکانی پلانڕێژی زمانیان دەستنیشانکردوە، گرنگترینیان دابەشکارییەکەی زمانەوان کۆپەرە (Cooper) کە کردویەتی بە سێ جۆرەوە: (Cooper, 1989,31-34)

١- پلانی پایەدارکردنی زمان (Status Planning): ئەم پلانە کە (پلانی پێگە، پلانی پایە)یشیان پێدەوترێت، دیوی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە، ئەرک و پلەوپایەی ئەو زمانە لەو کۆمەڵگەیە دیاریدەکات. لەم جۆرە پلانە زارەکانی زمانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگا دەستنیشاندەکرێت، لەم زارانە یەکێکیان بە ستاندارد دەکرێ و پلەوپایەی زمانی پێدەدرێ، ئەوانی دی دەکرێ لە بواری تر بەکاربهێنرین، یان لە کۆمەڵگەیەک چەند زمانێک هەیە، لەم زمانانە، کامە زمان باڵادەستە، پلەوپایەی زمانێکی ڕەسمی پێدەدرێت بۆ کاروباری فەرمی ئەو کۆمەڵگەیە، و کامە زمانیش بۆی هەیە لە ئاستێکی دیکە کاری پێبکری. ئەم پلانە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە ئەرکی دەسەلاتە کە لەو کۆمەڵگەیەی دەسەڵاتی بەسەردا دەڕوات بارودۆخی زمان یان زمانەکان جاودیری بکات و بیانجەسپێنێت و پلەوپایەیان پێببەخشێ. ئەم پلانە بە ستانداریکردن و پاراستن و بەردەوامی و بڵاوکردنەوەی زمان، یان زمانەکانیش دەگرێتەوە.

٢- پلانی جەستە (Corpus Planning): ئەم جۆرە پلانە لە زمانی کوردیدا بەچەند زاروەیەک هاتووە، وەکوو( پلانی دەقی زمانی، پلانی بەکۆمەڵ، پلانی دەستەجەمعی،پلانی بنەڕەتی،...) ئەم پلانە دیوی ناوەوەی زمان دەگرێتەوە: بە ستانداردکردنی ڕێزمان، هەموارکردنی ڕێنووس، ڕۆنانی زاراوەی نوێ، خواستنی وشەی نوێ، پەتیکردنی زمان، یەکخستنی زاراوەکان،... ئەم پلانە لەگەڵ پلانی پایەدارکردنی زمان یەکدەگرێتەوە، هەر زمانێک لەڕووی پێکهاتەوە پەرەی پێدرا و پێشکەوتنی بەدەستهێنا، پلەوپایەی لە کۆمەڵگەکە دەبێت. ئەم پلانە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، واتە زمانەوانەکان لە ئەکادیمیای زمان، هەروەها نووسەران بە گشتی ئەم ئەرکە بۆ پێشخستنی زمان لە ئەستۆ دەگرن و لە ڕێی ئەکادیمیاوە دەدرێ بە دەسەڵات وەک دەزگای جێبەجێکار بیکات بە یاسا و بیچەسپێنێ.

٣- پلانی فێرکردنی زمان (Acquisition planning)، کە (پلانی وەرگرتن، پلانی بەدەستهێنان)یشی پێدەوترێت، ئەم پلانە بەکارهێنانی زمان و چەسپاندنی لە بواری پەروەردە دەگرێتەوە، واتە پێگەیاندنی خوێندکاران و تاکەکانی کۆمەڵگە بە زمانێک کە وەک زمانی فەرمی بۆ خوێندن دەستنیشان کراوە، بۆ ئەو خوێندکارانەش کە زمانی دووەمە بۆیان. ئەم پلانە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە دەسەڵات دەبێ پلانی هەبێت بۆ پێشخستنی زمان لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زمانێکی ڕاست و ڕێکوپێک و ستاندار ((سوداد رەسوڵ، ٢٠٢٣، ٢٢-٢٣) لەم جۆرە پلانە گرنگی بە چۆنیەتیی فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووەم یاخود زمانی بیانی دەدرێت کە لەرێگەی قوتابخانە و پەیمانگا و خولە رۆشنبیرییەکانەوە پێسکەش دەکرێن، کار لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکات، کام زمان گونجاوە کە دەستنیشان بکرێت وەک زمانی دووەم؟ لە کام قۆناغی خوێندن فێرکردن دەستپێبکات؟ واتە کام تەمەن گونجاوە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەمی تێدا ئەنجامبدرێت؟ بەرنامە و پرۆگرامەکانی زمانی دووەم چۆن بن؟ مامۆستایان چۆن بۆ وتنەوەی پرۆگرامەکان ئامادەبکرێن؟ وە چەندین پرسیاری دیکەی تایبەت بە فێربوونی زمانی دووەم لە وڵتدا وەلام دەداتەوە. (ئازاد عەزیز، ٢٠٢٢،١٣٠). پلانی فێرکاری زمانی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ پلانی جەستەی زمانیدا هەیە کە ئەویش هەر بەو شێوەیە پەیوەندی

به پلانڕێژی پایەداری زمانەوە هەیە، بەڵام لەبەر گرنگی لایەنی فیرکاری زمانی، زماناسان فیرکاری زمانییان وەک لقێکی سەربەخۆی پلانداریژیی زمانی دەستنیشانکردووە. (سعد قازی،٦٨، ٢٠٢٠)

بە سوود وەرگرتن لە خستنەرووی لایەنی تیۆری سیاسەت و پلانی زمان، پەیوەست بە تویژینەوەکەی ئێمەوە کە لە ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەبەشی یاسا لە زانکۆکانی کوردستان (زانکۆی گەرمیان وەک نموونە) دەکۆڵێتەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێویستە دوو جۆرە ئەرک و چالاکی لە پلانڕیژی زمانی لە یەک جودا بکرێنەوە: چالاکییەک هەوڵدەدات زمانەکە لە ڕووی پێکهاتە و چۆنییەتی و پێویستی فەرهەنگی زمانی یاسایی پێش بخات کە ئەمە ئەرکی زمانەوانان و نوسەران و ڕۆشنبیرانە، کار لەسەر زمانەکە دەکەن و گۆڕانی بەسەردا دێنن و ئەرکەکانی فراوان دەکەن. چالاکییەکەی دی، سەرباری دارشتنی یاسایەکی بتە و کۆنکریتی سەبارەت بە خوێندنی زانکۆیی (بەشی یاسا) بە زمانی کوردی، لەهەمانکاتدا پێویستی بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی زمانەکەی تێیدا بەکاربێت و بجەسپێت، ئەمەس ئەرکی دەسەڵاتە ئەم ژینگەیە هەموار بکات تا ئەم زمانە لەم کۆمەڵگەیە و لە دامودەزگاکانیدا بەکاربێت و پلەوپایە و دەسەڵاتی هەبێت.

## پلانی زمان پەیوەست بە پەروەردە و زمانی دایک Language Planning relates to Education) and Mother Tongue)

زمان سەرچاوەیە بۆ بەدیهێنان و پێکانی ئامانجە پەروەردەییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی زمانی پێخوێندن لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی وەکوو(زمانی ناوەرکی پرۆگرام، زمانی کردەی پەیوەندیکردن لە نێوان مامۆستا و خوێندکار، زمانی تاقیکردنەوە، توێژینەوە، زمانی سیمینار و..هتد) بەدیدەهێنرێت ، هەر گرفت و کەموکورتی و ئارێشەیەک لە زمانی پێخوێندن هەبێت، ئالۆزی و کەموکورتی لە پەروەردەکردن و فیربوون و ئامانجی پەروەردەدا دروست دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە ڕونەدات ئەوا پێویستە زمانی پێخوێندن بە پلانێکی دروست و ڕێکخستوو و ڕێک و پێک بخرێتە خزماتی پەروەردە و فێرکردن، بۆ ئەمەش پێویستمان بە سیاسەت و پلانێکی زمانی تۆکمە و دروست هەیە. پلانی زمانیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە پلانی پەروەردە و فێرکردنەوە، چوون شوێنی جێبەجێکردنی پلانی زمان بە پلە یەک ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن و پەروەردەکردنە، لەو ناوەندانەدا دەبێ پلانی زمان جۆری زمانی پەسەند و یەکلابکاتەوە و بریار لەسەر بەکارهێنانی جۆری زمانی دیاریکراو بدات.(عبداللطیف حنی و ئەوانی تر،٢٠١٢، ٢٥) مەرجی پێشکەوتنی بواری پەروەردە پلانێکی زمانی تۆکمەیە، یەکێک لە ئەرکەکانی پلانڕێژی زمانی نەخشەکێشانی دەروازە پەروەردەیەکانە، کە لەگەڵ سروشتی زمان و سروشتی پەروەردە و زانستە نوێکان لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە تێدا ئامانجی نەتەوە و دەوڵەمکردنی کۆزانیاری و بنچینەکانی بەها پەروەردەیەکان و تیۆرەکانی زمانەوانی، بۆ ئەوەی بگەینە ستراتیژێکی پەروەردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری پەروەردە.(ئاشتی ئەحمەد حەسەن،٢٠٢٢،٣١-٣٢) گرنگترین شوێنی بەکارهێنانی زمانی کە گوزارشت لە سیاسەتی زمانی وڵاتان دەکات، سیستەمی پەروەردەیە کە دامەزراوەی فیرکاری ( خوێندنی بەرایی، خوێندنی ئامادەیی، خوێندنی باڵا) دەگرێتەوە، ئەم ناوەندە فێرکارییانە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان هەیە و هۆکار و پاڵنەری سەرەکین بۆ گەشەی زمانی دایک ، جونکە کاتێك زمان دەبێت بە زمانی خوێندن و زانست، ئەوا ستناندارد ئەکرێ و ئەرکەکانی فراوان دەبێت، ئەمەش وادەکات کە ببێتە زمانی باڵا دەست و سنووری کەرتی پەروەردە تێپەڕێنێ و لە زۆربەی بوارەکانی ژیان جێپێی خۆی بگرێت و بچەسپێت. لە گوزارشتێکی یونسکۆ لە سالێ (١٩٥١)دا، لە ژێر ناوی بەکارهێنانی جۆرەکانی زمان لە پەروەردەدا، هاتووە

که ((... باشترین زمان بۆ پەروەردە زمانی دایکە، لە باری دەروونناسییەوە، زمانی دایک کۆمەڵێک نیشانەی ماناداره که به شێوەی ئۆتۆماتیک کاری ئاخاوتن و تێگەشتن ئەنجامدەدات، هەروەها لە باری کۆمەڵناسییەوە کەرەسەیەکە بۆ کەسایەتی بەخشین بە منداڵ. لەباری فێرکردن و ڕاهێنانیشەوە، باشترین و خێراترین زمانە)).(سعد قازی، ٢٠٢٠، ٣٠) لەم بارەیەوە زمانەوان جەعفەر شێخولئیسلامیش ڕای وایە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک زمان خاوەنی گەنجینەی نووسراوەی زۆر و ڕابردووی زانستین بەڵام، توانای هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە زۆرتر نییە. لەسەر ئەو بنەمایە زمانی دایک باشترین زمانە بۆ ئەوەی لە پەروەردە و لە زانکۆ شوێنە زانستییەکان کاری پێبکریێ.(هەمان سەرچاوە،٣١-٣٢) کەواتە زمانی دایک وەک (Ellis) دەڵێت: ((پێڕەوێکی ژیریی ئاڵۆزە و ئامێری گوزارشتکردن و بیرکردنەوەیە))،( شیلان عومەر،٢٠٢١، ١٣)، باشترین زمانە بۆ پەروەردە و داهێنان و کاری زانستی. ئەم زانیارییانە هاوکارێکی باشن بۆ ئەوەی وردتر باس لە گرنگی و بایەخی زمانی دایک بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتتر لە سیستەمی پەروەردە بکەین:

## گرنگی زمانی دایك: (The Important of Mother Tongue)

١- زمانی دایک هۆکاری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ناواخنی ژیری و ئاوەزی مرۆڤەکان، تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لە مێشک وئاوەزی مرۆڤدایە و پێیەکی تریشی لەدەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بە یەکترییەوە، زمانی دایک بە سەرچاوەی بنەڕەتی و کرۆکی بەدەستهێنانی بیرو بەهاو کۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن...تاد، دانراوە.

٢- زمانی دایک هۆکاری مانەوە و پاراستن و بەردەوامبوونی فەرهەنگ و ڕەسەنایەتییە، بەهێزترین پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوەییمانە،زمانی دایک بەرپرسە لە یەکگرتوویی ڕەگەزیی و پاراستنی.(شیلان عومەر حسێن،١٤، ٢٠٢١)

٣- خوێندن بە زمانی دایک لە تەواوی قۆناغەکان و ناوەندەکانی خوێندن هەلێکی باش بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی توێژینەوەی زانستی و پەرتوک بە زمانی کوردی دەڕەخسێنێت، بێگومان ئەو توێژینەوە زانستیانەش کە توێژەری کورد بە زمانی بیانی دەینوسێت، ئەوا لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی تردا بەشداردەبێت وەک ئەوەی لە تەواوی بەشە زانستییە پەتی و کردارییەکان و هەندێک بەشی تری زانستییە مرۆڤایەتییەکان وەکو بەشی یاسا و..هتد دەبینرێت، ئەمەش لە چێوەی دەستکەوتی زانستی و شارستانی و مێراتی زمانە بیانییەکە بیانییەکەدا هەژماردەکرێت.

٤- خوێندکار بە فێربوونی پێکهاتەی زمانی دایک دەتوانێت دەستی بە نوونەی فکری و زانستی ڕیشەیی زمان بە گشتی بگات و ئەوە ڕێگە خۆش دەکات کە زمانی دیکە باشتر و وردتر فێربێت. واتا کامڵبوونی زمانی دایک سەرچاوەی زوو فێربوون ودرووست فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و..هتد.

٥- تاکەکان لە ڕێگەی زمانەوە، بەتایبەتی زمانی دایک، سوناسی خۆیان دەدۆزنەوە و گرووپی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

٦- پرۆڤ بە بیرکردنەوە زانست بەدەست دەهێنێت، بە بێ زمان بیرکردنەوە مەحاڵە، مرۆڤ بە زمانی دایک بیردەکاتەوە، هەر بۆیە خوێندن بە زمانی دایک یەکەمین پێویستی پەروەردە و ڕاهێنانە و کاریگەرترین و بە سوودترین کەرەسەی گەشەکردنی مرۆڤە، لە ناو کۆی زمانەکاندا، زمانی دایک ئاسانترین زمانە بۆ فێربوون.

٧- زمانی دایک باشترین کەرەستەیە بۆ گوزارشتکردن ولاواندنەوەی دەروون و هەروەها بۆ گەشە و نەشەی هەست و سۆز لە ڕێگەی ئەدەب و شیعرەوە. (سعد قازی، ٢٠٢٠، ٣٣)

## تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە
## (ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا)


بە ئامانجی زانینی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆڕییەکان لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکوردیکردنی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لەسەر پرۆسەی فێربوون و پاشان گەیشتن بە ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆڕییەکان لە بەشەکانی یاسا، توێژەر فۆرمێکی ڕاپێویی لەپاش تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارە زانستییە پێویستەکان بۆ وەرگرتنی ڕووانگە و بۆچوونی خوێندکاران لەسەر بابەتی توێژینەوەکەی بەسەر (103) خوێندکار لە قۆناغە جیاوازەکانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان و لەسەر ئاستی هەردوو ڕەگەز دابەشکرد. لە خوارەوە ئەنجامەکان خراوەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: زانیارییە تایبەتەکانی بەرتوێژان**

- **ژمارەی بەرتوێژان و قۆناغەکانیان**

لەم توێژینەوەیەدا؛ (103) خوێندکاری قۆناغە جیاوازەکانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان وەڵامی بڕگە و پرسیاری ڕاپێوییبنامەی توێینەوەکەیان داوەتەوە. بڕوانە هێڵکاری (1).


هێڵکاری (1): ژمارەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان و قۆناغەکانیان پیشاندەدات.




- **بەرتوێژان لەڕووی توخم ـەوە**

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان کە وەڵامی ڕاپێوییبنامەی توێژینەوەکەیان داوەتەوە بەڕێژەی (63%) لە توخمی (مێ) و پلەی دووەمیش بەڕێژەی (37%) لە توخمی (نێر)ن. بڕوانە هێڵکاری (2).


هێڵکاری (2): توخمی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان پیشاندەدات.




- **زمانی خوێندنی پێش زانکۆیی بەرتوێژان**

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (98%) زمانی خوێندنی پێش زانکۆییان بریتییە لە زمانی کوردی و پلەی دووەمیان بەڕێژەی تەنها (2%) زمانی عەرەبی. ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە بەلای زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانەوە ئاسان نییە بتوانن بەرخورد لەگەڵ زمانی عەرەبی لە قۆناغی زانکۆیی بکەن، چونکە ئەوان زمانی عەرەبییان تەنها، وەك وانەیەك خوێندووە، نەوەك زمانی هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن، بەپێچەوانەوە زۆرینەی هەرەزۆریان زمانی کوردی زمانی نووسین و ئاخاوتن و پرۆگرامی خوێندنیان بووە و توانای وەرگرتن و فێربوون و تێگەیشتنیان بەو زمانە کاریگەر و ئەرێنی دەبێت. بڕوانە هێڵکاری (3).

هێڵکاری (3): زمانی پێش خوێندنی زانکۆیی بەرتوێژان لە خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان پیشاندەدات.





- **توانستی زمانی ئینگلیزی بەرتوێژان**

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (33%) توانستی زمانی ئینگلیزییان مامناوەندە، (31%)یان لە پلەی دووەم لاواز، (18%)یان لە پلەی سێیەم ئاستی باش، هەروەها پلەی چوارەمیان بەرێژەی (17%) ئاستی خۆیان لە زمانی

ئینگلیزی نازانن و پلەی پێنجەم و کۆتاییشیان بەڕێژەی (1%) ئاستیان زۆرباشە.بڕوانە هێڵکاری (4).


هێڵکاری (4): توانستی زمانی ئینگلیزی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان پیشاندەدات.




- **توانستی زمانی عەرەبی بەرتوێژان**

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (26%)، ئاستی زمانی عەرەبییان مامناوەندە، (25%) لە پلەی دووەم لاواز، هەروەها پلەی سێیەم بەڕێژەی (20%) بۆ هەریەك لە ئاستەکانی باش و نازانم و پلەی چوارەم و کۆتاییش بەڕێژەی (9%) زۆرباش. لەو ئەنجامەوە دەگەین بەوەی کە زۆرینەی خوێندکارانی بەشی یاسا ئاستی زمانی عەرەبی کە زمانی پرۆسەی خوێندن و فێربوونە لەبەشەکەیان لاوازە و لەو ئاستە نییە کە بتوانن بەشێوەیەکی زانستیی مامەڵەی لەگەڵ ئەرکەکانی سەرشانیان پێبکەن، ئەوەشڕەنگبێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەنجامی فێربوون و تێگەیشتنیان لە بواری خوێندنەکەیان هەبێت. بڕوانە هێڵکاری (5).

هێڵکاری (5): توانستی زمانی عەرەبی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان پیشاندەدات.




**تەوەری دووەم: ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆرییەکان لە بەشی یاسادا.**

لەم تەوەرەدا؛ لەڕوانگەی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان لە ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەك زمانی فێرکاری بابەتە پسپۆرییەکان لە بەشەکەیان کۆڵدراوەتەوە و توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە.

پلەی یەکەمی خوێندکاران بە ڕێژەی (65.9%)، پێیانوایە: (زمانی بابەتە پسپۆرییەکان کە لە لایەن مامۆستایانەوە دەوترێنەوە) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە، بگرە زیاتر بە زمانی کوردییە.هەروەها (٢٥٪)ی خوێندکارانیش پێیانوایە: بە زمانی کوردی بابەتە پسپۆرییەکان لە لایەن مامۆستایانەوە دەوترێنەوە، ئەو ئەنجامە ئەرێنییە و پیشاندەری ئەوڕاستیەیە کە مامۆستایان وئەندامانی ستافی وانەگووتنەوە دەسەڵاتشکانەوەیان بەسەر زمانی کوردی بەتایبەت لەڕووی ئاخاوتن بەراورد بە زمانی عەرەبی زیاترە.

زۆرینەی خوێندکاران لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (74.4%) ڕایان وەهایە کە (زمانی سلایدی ئەو بابەتە پسپۆریانەی کە لە لایەن مامۆستایانەوە دەخرێنەڕوو) زمانی عەرەبییە، (20.4%) وایدەبینن سلایدەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە، بەڵام زیاتر بە زمانی عەرەبییە. ئەو ئەنجامە دەکرێت وەها بخوێنرێتەوە کە خواستێکی بەرز لەلایەن ئەندامانی ستافی وانەگووتنەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە هەموو ئەو چالاکییانە هەیە کە پەیوەندیدارن بە نووسین، بەپێچەوانەی ئاخاوتن، ڕەنگبێت هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی توانستی زمانی کوردی لە لای بەشێک لە مامۆستایان لە ڕووی نووسینەوە بگەڕێتەوە.

پلەی یەکەم بەرێژەی (41.4%) بۆچوونیان وەهایە کە (زمانی نووسینی پرۆگرام -وانەکان-ی خوێندن) بە زمانی عەرەبییە، (27.2%)شیان لە پلەی دووەم پێیانوایە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە، بەڵام زیاتر زمانی عەرەبی. ئەنجامەکان دەریدەخەن: زمانی پرۆگرام و بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە ئەندامانی دەستەی وانەگووتنەوە، بە زۆری زمانی عەرەبین، ئەوەش بۆ چەندین هۆکار و پاسا و دەگەڕێتەوە کە لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (38.1%) ڕایان وەهایە کە (زمانی نووسینی پرسیاری تاقیکردنەوەکان) بە زمانی عەرەبییە و (31.9%)شیان، دەڵێن: زمانی بەکارهاتوو کوردی و عەرەبییە، بەڵام زیاتر زمانی عەرەبی. بەپێی ئەو ئەنجامە: مامۆستایان و ستافی وانەگووتنەوە بەپێچەوانەی ئەوەی کە خوێندکاران کوردن و توانای وەرگرتنیان بە زمانی دایکیان بەهێزترە و هیچ ڕێگرییەکی یاسایی و کارگێڕی لەبەردەمدانانی پرسیارەکان بە زمانی کوردی نییە، بەڵام هێشتا پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە ئامادەکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان. بۆئەوەش چەندین پاساو هۆکار هەیە. بڕوانە خشتەی (8).

زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی ڕاپێویننامەی توێژینەکەیان داوەتەوە بە ڕێژەی (44.5%)، بۆچوونیان وەهایە کە: (زمانی ئەوڕاپۆرتانەی کە بۆ بابەتە پسپۆرییەکان ئامادە دەکرێن) زمانی کوردییە، (26.2%)شیان گووتویانە زمانی بەکارهاتوو بریتییە لە کوردی و عەرەبی هاوشێوەییەکدی. ئەم ئەنجامەش خواستی خوێندکاران بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان و پێشکەشکردنیان و توانای وەرگرتن و پێشکەشکردنیان بەو زمانە پیشاندەدات.

زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (70.7%) ڕایان وەهایە کە (ئەو زمانەی بۆ وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەکار دەهێنرێت) زمانی کوردییە. بەپێی ئەوئەنجامەش: خوێندکاران بەراورد بە زمانی کوردی لە زمانی عەرەبی لاوازن و ئارەزوو و خواستی بەکارهێنانی زمانی کوردییان بۆچالاکییە زانستییەکانیان بەتایبەت وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان زیاترە، هەروەها دەرخەری ئەوەشە کە بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ ئامادەکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان کێشە و گرفتی لەبەردەمدا نییە.

پلەی یەکەمی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (78.8%)، بۆچوونیان ئەوەیە کە: (زمانی ئەو سیمینارانەی خوێندکاران لە بابەتە پسۆرییەکان پێشکەشی دەکەن) بریتییە لە زمانی کوردی. بەپێی ئەو ئەنجامەش، دەرکەوتووە: خواستی خوێندکاران بەکارهێنانی زمانی کوردییە، چونکە هەموویان کوردزمانن و ئامادەیی وەرگرتن و پێشکەشکردنی زانیاریی و ئەرکەکانیان بە زمانی دایك تێدایە ئەگەر بێت و لێیان قبوڵبکرێت.

زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (97.7%)، پێیانوایە کە: (زمانی توێژینەوەی دەرچوون تایبەت بەقۆناغی پێنجەم) بریتییە لە زمانی عەرەبی. بەپێی ئەنجامەکان: بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بەو ئاستە ئاماژە نییە بۆ خواستی خوێندکاران لە بەکارهێنانی ئەو زمانە بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکانی دەرچوون. ڕەنگبێت هۆکارەکەی بۆ وەك پێویست نەزانینی زمانی عەرەبی لەلایەن خوێندکاران دەسەڵاتنەشکانەوەیان بەسەریدا بۆ کاری زانستیی بگەڕێتەوە. سەرەنجام ئەوەش وەها دەکات توێژینەوەکان لەڕووی زمانەوانییەوە بەهێز و تۆکمە نەبن و زیاتر وەرگیراوبن، هەروەها ساڵانی داهاتووش خوێندکارانی تر بەناچاری سوودیان لێوەردەگرن و هەمان پرۆسە دووبارە دەبێتەوە. ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکەمان کە زمانی بەکارهاتوو لەو ئەرك و چالاکییانەی پەیوەستن بە ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکان زمانی عەرەبییە، پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی**(میهرەبان ساڵح سعید)** کە خواستی دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان ئەوەیە کە زمانی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە بەشە مرۆڤایەتییەکان بە زمانی کوردی بێت.بڕوانە خشتەی (1). هەروەها پێچەوانەی بڕگەی (١٢) لە مادەی (٢) کە دەڵێت کارکردن لە پێناوی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆیەکاندا... (یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨).

خشتەی (1): ڕووانگەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشییاسا لە زانکۆی گەرمیان لەبارەی ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆرییەکان پیشاندەدات.

| **برگەکان** | کوردی | | عەرەبی | | کوردی و عەرەبی وەکوویەک | | هەردووکیان، بەڵام زیاتر کوردی | | هەردووکیان، بەڵام زیاتر عەرەبی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| زمانی بابەتە پسپۆرییەکانکە لە لایەن مامۆستایانەوە دەوترێنەوە. | 25 | 25.8 | 0 | 0 | 13 | 13.3 | 64 | 65.9 | 1 | 1 |
| زمانی سلایدی ئەو بابەتە پسپۆریانەی کە لە لایەن مامۆستایانەوە دەخرێنەڕوو. | 0 | 0 | 73 | 74.4 | 9 | 9.1 | 0 | 0 | 20 | 20.4 |
| زمانی نووسینی پرۆگرام (وانەکان)ی خوێندن. | 11 | 11.1 | 41 | 41.4 | 19 | 19.1 | 3 | 3 | 27 | 27.2 |
| زمانی نوسینی پرسیاری تاقیکردنەوەکان. | 1 | 1 | 37 | 38.1 | 26 | 26.8 | 8 | 8.2 | 31 | 31.9 |
| زمانی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ بابەتە پسپۆرییەکان ئامادە دەکرێن. | 44 | 44.5 | 16 | 16.2 | 26 | 26.2 | 12 | 12.1 | 3 | 3 |
| ئەو زمانەی بۆ وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەکار دەهێنرێت. | 70 | 70.7 | 2 | 2 | 16 | 16.2 | 14 | 14.1 | 1 | 1 |
| زمانی ئەو سیمینارانەی خوێندکاران لە بابەتە پسۆرییەکان پێشکەشیدەکەن. | 78 | 78.8 | 5 | 5 | 12 | 12.1 | 8 | 8.1 | 0 | 0 |
| زمانی توێژینەوەی دەرچوون (تایبەت بە قۆناغی پێنجەم). | 1 | 2.3 | 43 | 97.7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

**تەوەری سێیەم:کاریگەرییەکانی بەکوردیکردنی زمانی خوێندن لە بەشی یاسا لەسەر پرۆسەی فێربوون.**

لەم تەوەرەی توێژینەوەکەدا؛ لە ڕێگەی (12) برگەوە، ڕوانگە و بۆچوونی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان لەبارەی کاریگەرییەکانی بە کوردییکردنی زمانی فێرکاری لەسەر پرۆسەی فێربوون خراوەتەڕوو و شرۆڤەی پێویست بۆ ئەنجامەکانیان کراوە.

زۆرینەی خوێندکاران لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (46%) لەگەڵئەوەدان کە (هەست بە ئاسودەیی و نەبوونی فشار -سترێس- دەکەن ئەگەر تەواوی پرۆسەی خوێندن لە بەشەکەیان بە زمانی کوردی بێت)، (30.5%) لە پلەی دووەم تاڕادەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان و پلەی سێیەمیشیان بەرێژەی (27.5%) لەگەڵیدانین. ئەو ئەنجامە ئەوە پیشاندەدات کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن یەکێکە لەو سترێسانەی لەسەر خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەیە و هۆکارەکەشی بۆ دەسەڵاتنەشکانەوە بەسەر ئەو زمانە دەگەڕێتەوە.

(71%)ـی خوێندکاران لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵئەوەدان کە (لە ئەگەری بەکوردیکردنی بابەتە پسپۆرییەکان، دەتوانن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بەشداریی لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و گفتوگۆی زانستیی و چالاکییەکانی ناو پۆل بکەن). ئەو ئەنجامە ئەوڕاستییە ئاشکرادەکات کە بەهۆی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە چالاکییەکانی ناو پۆل و پرۆسەی خوێندن لە بەشەکانی یاسا، زۆرینەی خوێندکاران ڕووبەڕووی ترس و دڵەڕاوکێ لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و گفتوگۆی زانستیی و چالاکییەکانی ناو پۆل دەبنەوە.

پلەی یەکەمی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەرێژەی (67%) لەگەڵئەوەدان (ئەگەر خوێندنی بابەتەکانی یاسا بە زمانی کوردی بێت، باشتر دەتوانن تێبینییەکانی وانەکەم بنووسن). لەو ئەنجامەوە دەردەکەوێت بەکارهێنانی هەر زمانێکی دیکە جگە لە زمانی کوردی لە پرۆسەی خوێندن لە بەشەکانی یاسا دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانن، وەك پێویست تێبینییەکانی وانەکانیان بنووسن، ئەوەش هۆکارێکە بۆ سوودمەندنەبوون لە ناوەڕۆکی وانەکان.

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپێوینامەی توێژینەوەکە بەرێژەی (69%) لەگەڵ ئەوەدان کە (ئەگەر مامۆستا وانەکەی بە زمانی کوردی پێشکەشبکات، باشتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە تێدەگەن). ئەو ئەنجامەش ئەوەمان پێدەڵێت کە زۆرینەی خوێندکارانی بەشی یاسا بەهۆی ئەوەی زمانە بیانییە بەکارهاتووەکان لە پرۆسەی خوێندن لەبەشەکانیان بە باشی نازانن، ناشتوانن بە تەواوەتی لە ناوەڕۆکی وانە و پرۆگرامەکانیان تێبگەن.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەی (56.6%) لەگەڵ ئەوەدان کە (پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشەکەیان کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، خوێندنەوەیان گرانە و گرفتی تێگەیشتنیان بۆ دروستدەکەن). ئەو ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە پێواژۆی خوێندن لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی تێگەیشتنی زۆرینەی خوێندکاران نییە و یەکێکە لەو گرفتانەی کەڕووبەڕوویان بووەتەوە.

پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپێوینامەی توێژینەوەکە بەرێژەی (67%) لەگەڵئەوەدان (بەهۆی گرفتی تێگەیشتنیان لە زمانی پەرتووکی خوێندن کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، ناچارن وەریانگێڕنە سەر زمانی کوردی). بەپێی ئەو ئەنجامە خوێندکارانی بەشی یاسا بەهۆی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە پەرتووکی خوێندن لە بەشەکانیان، پێویستیان بە کات و ماندووبون زیاتر تەنانەت ئەرکی ماددیش دەبێت، تاوەکوو بتوانن لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانیان بگەن.

(74.1%)ی خوێندکارانی بەشی یاسا بۆچوونیان لەگەڵ ئەوەدایە کە (ئەگەر تەواوی بابەتەکان بە زمانی کوردی بگوترێنەوە، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان نمرەی باشتر بەدەستدەهێنن). بەپێی ئەو ئەنجامە گووتنەوەی وانەکان لە بەشەکانی یاسا بە زمانی عەرەبی، بەیەکێك لە هۆکارەکان بۆ نزمی ئاستی نمرەی بەدەستهاتوو لەلایەن خوێندکاران هەیە.

زۆرینەی خوێندکاران لە بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (82.4%) لەگەڵئەوەدان کە (ئەگەر زمانی فێرکاری بابەتە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی بێت، کاتێکی کەمتریان پێویستە بۆ کۆشش و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان). ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە بەکارهێنانی زمانی بیانی لە فێرکاری بابەتە ئەکادیمییەکان لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، وەهایکردووە خوێندکاران کاتێکی زیاتر بە هەوڵدان و کۆشش لە تاقیکردنەوەکان بەفیڕۆ بدەن، بەراورد بەوەی کە ئەگەر بێت و بە زمانی کوردی بێت، ئەو کاتە زیادەیان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانن لە بواری تردا بەکاریبهێنن.

زۆرینەی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی (65.2%) لەگەڵ ئەوەدان کە (ئەگەر زمانی فێرکاریی بابەتە ئەکادیمییەکان لە بەشەکانیان بە کوردی بێت، باشتر لە خوێندنەوەی بابەتەکان تێدەگەن و کەمتر ئەزبەرکردن –دەرخیات- دەکەن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکان). ئەو ئەنجامە ڕوونیدەکاتەوە کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە پرۆسەی خوێندن لە بەشەکانی یاسا، سەرباری ئەوەی بووەتە مایەی ئەوەی کە بەباشی لە مانا و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان تێنەگەن، هاوکات ناچاریکردوون ڕێگەی دەرخیات بۆ دەرچوون بەکاربهێنن.

پلەییەکەمی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (51.5%) لەگەڵ ئەوەدان کە (هەندێکجار ناتوانن بە دروستی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، چونکە بە زمانی عەرەبی نووسراون و بە باشی لێیان تێناگەن). ئەو ئەنجامەش پیشانی دەدات کە خوێندکاران بەهۆی ئەوەی زمانی عەرەبی بەباشی نازانن و پرسیاری تاقیکردنەوەکانیش بە زمانی عەرەبییە، زۆرینەیان هەندێکجار ناتوانن وەڵامی پرسیارەکان بە درووستی بدەنەوە. ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەوڵ و کۆششیان و پاشان ئەنجامەکانیان دەبێت.

(57.5%)ی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان لەگەڵئەوەدان کە (بە هۆکاری لاوازییان لە زمانی عەرەبی، لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتدا، زۆرجار ڕستە، پەرەگراف و دەقە یاساییەکان، وەکوو خۆیان لە پەرتووک و سەرچاوە زانستییەکان لەبەردەگرنەوە -کۆپی- دەکەن). ئەو ئەنجامەش ئەوڕاستییە بەدیاردەخات کە دەسەڵاتنەشکانەوەی خوێندکاران بەسەر زمانی پرۆسەی خوێندن لە بەشەکەیان، وەهایکردووە کە نەتوانن خەیاڵی زانستیی و مەودای بیرکردنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ بابەتەکانیان فراوان و نوێ بێت، بەپێچەوانەوە زۆرینەیان پەنا بۆ کۆپی و پەیست و وەرگرتنی زانیارییەکانی پێش خۆیان وەکخۆی هەیە بەبێ زیادکردنێکی زانستیی ئەوتۆ بۆیان.

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژەی (55.6%) لەگەڵ ئەوەدان کە (ئەو زانیارییە بەدەستهێنراوانەی لە کاتی وانەوتنەوەدا لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە وەریانگرتووە، درەنگتر دێنەوەیادیان، وەك لەوەی بە زمانی کوردی وەریبگرن). بەپێی ئەو ئەنجامە: یەکێك لە هۆکارەکانی دیاردەی بیرچوونەوەی وەڵام و زانیارییە داواکراوەکان لە ئەرك و تاقیکردنەوەکان لە بەشی یاسا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانیارییەکان بە زانی عەرەبی وەردەگرن و بەهۆی ئەوەشی دەسەڵاتیان بەتەواوی بەسە رزمانەکەدا ناشکێتەوە، لەکاتی پێویست بیریان دەچێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو زانیارییانەی بە زمانی کوردی وەریدەگرن، بەئاسانی لە بیریان دەمێنێتەوە.هەموو ئەنجامەکانی سەرەوە لەگەڵ ئاراستەی ئەو ئەنجامەی **توێژینەوەی(ئازاد عەزیز سلێمان)**یەکدەگرێتەوە کە بەکارهێنانی زمانی دایک لە بواری پەروەردەیی و جێگیرکردنی لە زمانی

خوێندندا، دەبێتە بنەمایەک بۆ گەشەکردنی زمانی فێرخواز پەیوەست بە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی. بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2): لێکەوتەکانی بەکوردیکردنی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لەسەر پرۆسەی فێربوون لای بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشییاسا لە زانکۆی گەرمیان پیشاندەدات.

| **بڕگەکان** | پلەی بەشداربوان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لەگەڵیدام | | تا رادەیەک | | | |
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| هەست بە ئاسودەیی و نەبوونی فشار (سترێس) دەکەم ئەگەر تەواوی پرۆسەی خوێندن لەبەشەکەمان بە زمانی کوردی بێت. | 45 | 46 | 30 | 30.5 | 27 | 27.5 |
| لە ئەگەری بەکوردیکردنی بابەتە پسپۆرییەکان، دەتوانم بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بەشداری لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و گفتوگۆی زانستیی و چالاکییەکانی ناو پۆل بکەم. | 69 | 71 | 20 | 20.6 | 14 | 14.4 |
| ئەگەر خوێندنی بابەتەکانی یاسا بە زمانی کوردی بێت، باشتر دەتوانم تێبینییەکانی وانەکەم بنووسم. | 65 | 67 | 25 | 25.7 | 13 | 13.3 |
| ئەگەر مامۆستا وانەکەی بە زمانی کوردی پێشکەشبکات، باشتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە تێدەگەم. | 67 | 69 | 28 | 28.8 | 8 | 8.2 |
| پرۆگرامی خوێندن کە بە زمانی عەرەبی نوسراون، خوێندنەوەیان گرانە و گرفتی تێگەیشتنم بۆ دروستدەکەن. | 55 | 56.6 | 24 | 24.7 | 24 | 24.7 |
| بەهۆی گرفتی تێگەیشتنم لە زمانی پەرتووکی خوێندن کە بەزمانی عەرەبی نووسراون، ناچارم وەریانگێڕمە سەر زمانی کوردی. | 65 | 67 | 20 | 20.5 | 18 | 18.5 |
| ئەگەر تەواوی بابەتەکان بە زمانی کوردی بگوترێنەوە، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان نمرەی باشتر بەدەستدەهێنم. | 72 | 74.1 | 17 | 17.5 | 14 | 14.4 |
| ئەگەر زمانی فێرکاریی بابەتە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی بێت، کاتێکی کەمترم پێویستە بۆ کۆشش و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان. | 80 | 82.4 | 12 | 12.3 | 11 | 11.3 |
| ئەگەر زمانی فێرکاریی بابەتە ئەکادیمییەکان بە کوردی بێت، باشتر لە خوێندنەوەی بابەتەکان تێدەگەم و کەمتر ئەزبەرکردن (دەرخیات) دەکەم بۆ کویز و تاقیکردنەوەکان. | 64 | 65.2 | 25 | 25.5 | 13 | 13.3 |
| هەندێکجار ناتوانم بە دروستی وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، چونکە بە زمانی عەرەبی نووسراون و بە باشی لێیان تێناگەم. | 50 | 51.5 | 32 | 33 | 21 | 21.5 |
| بە هۆکاری لاوازیم لە زمانی عەرەبی، لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتدا، زۆرجار ڕستە، پەرەگراف و دەقە یاساییەکان، وەکوو خۆیان لە پەرتووک و سەرچاوە زانستییەکان لەبەردەگرمەوە (کۆپی) دەکەم. | 56 | 57.6 | 30 | 30.9 | 17 | 17.5 |
| ئەو زانیارییە بەدەستهێنراوانەی کە لە کاتی وانەوتنەوەدا لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە وەرمگرتووە، درەنگتر دێنەوە یادم، وەك لەوەی بە زمانی کوردی وەریبگرم. | 54 | 55.6 | 27 | 27.8 | 22 | 22.6 |

**تەوەری چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکاندا.**

لەم تەوەرەدا؛ کۆمەڵێك پرسیاری پەیوەست بە پاساوەکان بۆ خوێندنی وانەکان لە بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی عەرەبی خراوەتە بەردەست بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا و ئاماژەیان بۆ چەندین هۆکار کردووە.

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بە ڕێژەی (72.4%) لەگەڵ ئەوەدان هۆکارەکەی بۆ (بەردەستنەبوونی پەرتوک و پرۆگرامی خوێندنی بابەتە یاساییەکان بە زمانی کوردی لە بەشی یاسا) دەگەڕێتەوە. بەپێی ئەو ئەنجامەش: تائێستاش پەرتووك و پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشەکانی یاسا، وەك پێویست بۆ سەر زمانی کوردی ئامادەنەکراون و زیاتر بە زمانی عەرەبین، ئەوەش بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی زانکۆکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان کە پێداچوونەوە بە سیاسەت و پلانڕێژی زمانییان بکەن و ڕێکاری پێویست بۆ ئامادەکردنی پەرتووك و پرۆگرامی خوێندن لەو بەشانە بە کوردی بکەن.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بە ڕێژەی (47.3%) پاساوی (نووسینی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان: تێزی دکتورا، ماستەر، گۆڤارە زانستییەکانی بواری یاسا بە زمانی عەرەبی لە زانکۆکانی کوردستان) بە هۆکار دادەنێن و پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (33.1) تاڕادەیەك و پلەی سێیەمیشیان بەڕێژەی (36%) ئەو پاساوە بە هۆکار دەزانن. ئەو ئەنجامە پیشانی دەدات کە مامۆستایان و ستافی وانەگوتنەوەی بەشەکانی یاساش هێشتا نامە و تێزەکانیان تەنانەت لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان بە زمانی کوردی نانووسن کە ڕەنگبێت بەشێکیان ئەو نامە و تێز و لێکۆڵینەوانەی خۆیان بکەن بە سەرچاوە بۆ وانەکانیان.

بەبۆچوونی زۆرینەی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان هۆکاری خوێندنی وانەکان لە بەشەکەیان بە زمانی عەرەبی بەڕێژەی (35.7%) دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە (ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە، وەك پێویست توانایان بەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ بابەتە پسپۆرییەکان ناشکێتەوە)، (35.7%)یشیان لە پلەی دووەم لەگەڵ ئەوەدانین و پلەی سێیەمیشیان بەڕێژەی (32.6%) تاڕادەیەك لەگەڵ ئەوەدان. ئەم ئەنجامەیش تاڕادەیەک تەبایە لە گەڵ ئەنجامەکانی تەوەری دووەم کە تایبەت بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی مامۆستا بە زمانی کوردی، کە لەوێدا دەرکەوتووە، زۆرینەی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە بە زمانی کوردی دەڵێنەوە، ئەگینا لە دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن و ناوەڕۆکی سمینار و پرسیاری تاقیکردنەوەکان زۆرینەیان بە زمانی عەرەبین، ئەمەش بەڵگەیە لە نەشکانەوەی مامۆستایان بە زمانی کوردی لەو کار وچالاکییانە.

زۆرینەی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (69%) لەگەڵ ئەوەدان کە دیاردەی (بەکەم تەماشاکردنی توانای فەرهەنگی زمانی کوردی لە ئاست گەیاندن و فێرکردنی بابەتەیاساییەکان) هۆکارە. ئەو ئەنجامە هێمایە بۆئەوەی کە هێشتا خەڵکێك تا ئاستی مامۆستای زانکۆ هەڵگری ئەو بۆچوونەیە کە زمانی کوردی خاوەنی هێندە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند نییە بتوانێت دەرەقەتی گەیاندن و فێرکاریی بابەتە یاساییەکان بێت، لەکاتێکدا زماننناسان و پسپۆرانی زمانی کوردی هەمیشە جەخت لە دەوڵەمەندی گەنجینەی زمانی کوردی دەکەن. ئەو ئەنجامەش تەبایە لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەکەی **(ئازاد عەزیز سلێمان)** کە دەریخستتوە ، پرۆسەی فێرکردن بە زمانی بیانی، متمانەکردن بە زمانی کوردی لاواز کردووە.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بە رێژەی (83.7%) لەگەڵ ئەوەدان کە (کەمی قەبارەی وەرگێرانی سەرچاوە زانستییەکانی بواری یاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان) یەکێکی ترە لە هۆکارەکان بۆ خوێندنی وانەکان بە زمانی عەرەبی لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی

کوردستاندا. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی کە هێشتا قەبارە و ئاستی وەرگێڕانی سەرچاوە زانستییەکان لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە پسپۆری یاسا لە ئاستی پێویستی بوارەکە نییە، چونکە بواری یاسا بەرفراوانە و چەندین لقی لێدەبێتەوە و پێویستی بەوە هەیە کە دەزگا و ناوەندی تایبەت هەبێت بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی سەرچاوە یاساییەکان بۆ سەر زمانی کوردی .ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەی(**عەبدولواحید موشیر دزەیی‌و ئەوانیتر**) تەبایە کە هۆکارەکانی سستی زاراوە لە بواری یاساییدا دەگەڕێتەوە بۆ سستی دەزگاکانی تایبەت بە دارشتن و دانانی زاراوە لە هەرێمی کوردستان.

زۆرینەی خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەرێژەی (80.3%) لەگەڵ ئەوەدان کە هۆکارێکی دیکەی خوێندن بە زمانی عەرەبی لە بەشەکەیان بۆ (خراپی ئاستی وەرگێڕانی دەق و مادە و سەرچاوە زانستییەکانی پسپۆری یاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی) دەگەڕێتەوە.ئەو ئەنجامەش تەبایە لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەکەی(**شێرکۆ حەمەئەمین قادر**) کە دەریخستووە، کێشەی زاراوە یان بەکارهێنانی زاراوەیەک بە واتایەکی دوور لە مەبەستی دەقەکە گرفتێکی تری بواری یاسایە لە هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەنجامەکان یەکێکی تر لە گرفتی پەنابردن بۆ خوێندنی بابەتەیاساییەکان لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو پەرتووك و سەرچاوانەشی لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون لەڕووی کوالێتی زۆرباش نین و نەیانتوانییوە بەشێوەی پێویست مانا و ناوەڕۆکی سەرچاوە بنەڕەتییەکە بە وەرگری کورد بگەیەنن، بۆیە ناچار پەنا بۆ سەرچاوە بنچینەییەکە دەبرێت کە بە زمانی کوردی نەنووسراوەتەوە.

بەشی زۆری بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان بەڕێژە (75.2%) لەگەڵ ئەوەدان بەهۆی ئەوەی (تائێستا بەشێکی زۆر لە دادگاکان بڕیار و کاروبارە دادوەرییەکان بە زمانی کوردی ڕانایەڕێنن، ئەوەش وەهای کردووە کە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکان زیاتر گرنگیپێدانیان بۆ زمانی عەرەبی بێت). ئەنجامەکان ئەوە دەڵێن کە بەشێك لە بەرپرسیاریەتی بە کوردیکردنی خوێندن لە بەشەکانی یاسا بۆ دادگاکان دەگەرێتەوە و پێویست بەوە دەکات پشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری بۆ بە کوردیکردنی بڕیار و کردە دادییەکان ببەستن، چونکە ئەمە خوێندکاران هاندەدات زیاتر گرنگیدانیان بۆ زمانی کوردی لە بواری پسپۆرییەکەیان زیاتر بێت. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی(**عەبدولواحید موشیر دزەیی‌و ئەوانیتر**) یەکدەگرێتەوە، کە دەریخستووە، تا ئێستا زاراوەی عەرەبی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کاریپێدەکرێت. هەروەها ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە تەبایە لەگەڵ ئەنجامێکی توێژینەوەی(**شێرکۆ حەمەئەمین قادر**) کە لە توێژینەوەکەی دەریخستووە، سەرباری پاڵپشتی دەستوری و یاسایی، وەک مافێکی بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەڵام تا ئێستا لە بەشێکی دامەزراوە دادوەرییەکان زمانی کوردی بەکارنایەت.بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3): بۆچوونی بەرتوێژان لە خوێندکارانی بەشییاسا لە زانکۆی گەرمیان دەربارەی هۆکار و پاساوەکانی خوێندن بە زمانی بیانی لە بەشەکانییاسا پیشاندەدات.

| پلەی بەشداربوان | | | | | | **برگەکان** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | | تارادەیەک | | لەگەڵیدام | | |
| ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەردەستنەبوونی پەرتووک و پرۆگرامی خوێندنی بابەتە یاساییەکان بە زمانی کوردی لە بەشی یاسا. | 71 | 72.4 | 16 | 16.3 | 15 | 15.3 |
| نووسینی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان: (تێزی دکتۆرا، ماستەر، گۆڤارە زانستییەکان.. هتد)ی بوارییاسا بە زمانی عەرەبی لە زانکۆکانی کوردستان. | 46 | 47.3 | 33 | 33.1 | 24 | 36 |
| ئەندامانی دەستەی وانەگووتنەوە(مامۆستایان)، وەك پێویست توانایان بەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ بابەتە پسپۆرییەکان ناشکێتەوە. | 35 | 35.7 | 32 | 32.6 | 35 | 35.7 |
| بەکەم تەماشاکردنی توانای فەرهەنگی زمانی کوردی لە ئاست گەیاندن و فێرکردنی بابەتەیاساییەکان. | 67 | 69 | 19 | 19.5 | 17 | 17.5 |
| کەمی قەبارەی وەرگێڕانی سەرچاوە زانستییەکانی بوارییاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا. | 82 | 83.7 | 14 | 14.2 | 6 | 6.1 |
| خراپی ئاستی وەرگێڕانی دەق و مادە و سەرچاوە زانستییەکانی پسپۆرییاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی. | 78 | 80.3 | 16 | 16.5 | 8 | 8.2 |
| تائێستا بەشێکی زۆر لە دادگاکان بڕیار و کاروبارە دادوەرییەکان بە زمانی کوردیڕاناپەڕێنن، ئەوەش وەهای کردووە کە بەشەکانییاسا لە زانکۆکان زیاتر گرنگیپێدانیان بۆ زمانی عەرەبی بێت. | 73 | 75.2 | 21 | 21.6 | 9 | 9.2 |

## دەرئەنجام

1- زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان زمانی خوێندنی پێش زانکۆییان زمانی کوردی بووە و توانستی زمانی عەرەبی و ئینگلیزییان لاوازە و ئەو دوو زمانەیان تەنها، وەك وانەیەك خوێندووە، نەوەك زمانی پرۆاگرامەکانی خوێندن، بەپێچەوانەوەی زمانی کوردی زمانی نووسین و ئاخاوتن و پرۆگرامی خوێندنیان بووە و توانای وەرگرتن و فێربوون و تێگەیشتنیان بەو زمانە زیاترە و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەنجامی فێربوون و تێگەیشتنیان لە بواری خوێندنەکەیان هەیە.

2-ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، وەک زمانی فێرکاریی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە دوو ئاست بەرجەستە دەبێت:

أ-زمانی بەکارهاتوو لەو ئەرك و چالاکیانەی پەیوەستە بە خوێندکاران جگە لە توێژینەوەی دەرچوون کە بە زمانی عەرەبییە، ئەوانی تر بە زمانی کوردییە، بۆ نموونە:

(وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان، ئەوڕاپۆرتانەی کە بۆ بابەتە پسپۆرییەکان ئامادە دەکرێن، ئەو سیمینارانەی خوێندکاران لە بابەتە پسۆرییەکان پێشکەشی دەکەن).

ب- زمانی بەکارهاتوو لەو ئەرکانەی پەیوەستە بە مامۆستایان بە زۆری زمانی عەرەبییە، بۆنموونە:

(زمانی نووسینی پرۆگرامەکان، زمانی سلایدی بابەتە پسپۆرییەکان، زمانی نووسینی پرسیاری تاقیکردنەوەکان).

3-بەکوردیکردنی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە بەشی یاسا چەندین کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پرۆسەی فێربوون دەبێت:

- هەست بە ئاسودەیی و نەبوونی فشار.
- کەمکردنەوەی ڕادەی ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەن خوێندکار و کارابوونی بەشدارییان لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆی زانستیی و چالاکییەکانی ناو پۆل.
- نووسینی تێبینییەکان لەسەر ئەو وانەیەی کە لەلایەن مامۆستا پێشکەش دەکرێت.
- تێگەیشتنی زیاتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکان و کەمبوونەوەی ڕێژەی ئەزبەرکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەکان.
- بەدەستهێنانی نمرەی باشتر لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.
- تەرخانکردنی کاتێکی کەمتر بۆ کۆشش و خۆئامادەکردن بۆ چالاکی و تاقیکردنەوەکان.

- کەمبوونەوەی ڕێژەی وەرگرتنی ڕستە، پەرەگراف و دەقە یاساییەکان، وەکوو خۆیان لە پەرتووک و سەرچاوە زانستییەکان.

4-چەندین ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرام و وتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکانی بەشی یاسا لە زانکۆکان هەیە:

- بەردەستنەبوونی پەرتووک و پرۆگرامی خوێندنی بابەتە یاساییەکان بە زمانی کوردی.
- بەکەم تەماشاکردنی توانای فەرهەنگی زمانی کوردی لە ئاست گەیاندن و فێرکردنی بابەتە یاساییەکان.
- کەمی قەبارە و خراپی ئاستی وەرگێرانی سەرچاوە زانستییەکانی بواری یاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- کارنەکردنی بەشێکی زۆر لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان بڕیار و کاروبارە دادوەرییەکان.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

1- بە پیویستی دەزانین وەزارەتی خوێندنی باڵا جەخت بکاتەوە لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی زمانی وەزارەتەکەی تایبەت بە خوێندنی زانستەمرۆڤایەتییەکان بە زمانی دایک، کە پاش تێپەڕینی (٩) بەسەر ئەو بڕیارە، هێستا لە هەندێک بەشی زانستەمرۆڤایەتییەکان بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە.

2- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی، سەرباری پێداچوونەوە بە سیاسەت و پلانی زمانی لە خوێندنی زانستەمرۆڤایەتییەکان، پێویستە هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ بەکوردیکردنی پرۆگرام و بابەتە پسپۆرییەکان لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات.

3- دانانی پاداشت و هاوکاری ماددی و مەعنەوی بەو پسپۆرانەی پەرتووك و سەرچاوەیاساییەکان لە زمانە بیانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێرن.

4- جەختکردنەوەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیارەکانی پێشووتری سەبارەت بە پێویستی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان بڕیار و کاروبارە دادوەرییەکان.

5- زانکۆکان کاربکەن لەسەر ئەوەی، ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە لە بەشەکانی یاسا زمانی کوردی زمانی سەرەکی ئەرکە زانستییەکانیان بێت بەرامبەر بە خوێندکاران.

6- کردنەوەی سەنتەرێکی ڕاهێنان و بەهێزکردنی توانستی زمانی مامۆستایانی دەستەی وانەگوتنەوە بەتایبەتی مامۆستایانی بەشی یاسا و ئەو بەشە زانستە مرپیانەی تر کە هێشتا بەشیکی زۆری خوێندنیان بە زمانی عەرەبییە لە زانکۆکان.

7- دەکرێت توێژینەوەی تری هاوشیوە لەسەر ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەشە یاساییەکانی زانکۆکانی کوردستان، ئەنجامبدرێت و کۆمەڵگای توێژینەوەکەی مامۆستایان بێت.

8- دەکرێت توێژینەوەی تری هاوشێوەش لەسەرڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوار و پسپۆرییەکانی تریش ئەنجامبدرێت.

## Reference - Listi Sarchawa

### <u>Sarchawa ba zmani kurdi</u>

1- Azad Aaziz Sleman(2022), siasat w plani zman la ragaiandnda, tezi dktora, colegi zman, zankoi salahadin.

2- Azad Aaziz Sleman(2022), Nasnama w Zmani Ferkrdn la Haremi Kurdstan, Govari Zankoi Rapareen, Bargi(9), Jmara(5).

3- Azad Aaziz Sleman (2014), Mlmlaney Zman, Namai Master, Kolegi Parwarda, Zankoi Salahadin.

4- Ashti Ahmad Hassan(2022), Areshakani Parwardai Jutzmani la Prosai Ferkrdnda, Namai Mastar, Kolegi Parwardai Bnarat, Zankoi Garmian.
5- Umed Barzan Brzo(2016), Plani Zmani w Asaishi Zmani Natawaey, Govari Zankoi Slemani, Jmara(50), Bashi(B).
6- Amer HAssanpwr(2014), Sadaial La Penaw Zmani Kurdi, Siasat w Aidolojy, Chapkhanai Roshnbiri, Hawker.
7- Sudad RASULL(2023), Chand Babateki Kurdnasi(Siasat w Plani Zman bo Haremi Kurdistan), Akadimiai Kurdi, Chapkhanai Zankoi Salahadeen, Hawler.
8- Salam Nawkhosh(2010), Standerbwni Zmani Kurdi La Newan Siasat w Siasati Zman, Chapi Yakam, Chapkhanai Mnara, Hawler.
9- Saad Abdlrazaq Qazi(2020) Siasat w Plandarezhi Zmani La Sistami Parwardai Haremi Kurdistan, Tezi Dktora, Kolegi Zman, Zankoi Salahadeen.
10- Sherko Hama ameen Qadr(2021), Zmani Yasa, Aresha w Charasar, Govari Zankoi Koia, Baergi(4), Jmara(1).
11- Shilan Umar Hsen(2021), Khuendni Zmani Daik w Bniatnani Kaseti, Govari Zankoi Garmian, Baergi(8), Jmara(1)
12- Abdulwahid Musher Dzaey(2023), Bakurdikrdni ZarawaYasaeyakan grft w Charaser, Govari Qallai Zanst, Bargi(8). Jmara(1).
13- Lwis Jan Kalfi(2012), Sharee Zman w Siasati Zmanawani, w.Bahadeen Jalal, Hawler.
14- Mahamad Mahwi(2014), Govari zankoy Slemani, Jmara(45) Bash(B).

Masdar Arabi:
15- Aabdl lateef.Hani w Ahmad Bnani w Akhrun(2012), Mltaqi AltakhTeet allghaawi, al cazaar.

English Reference.
16- Brian Weinstein(1980), Language Planning in Francophone Africa. Language Problems and Language Planning, Volume: 4(1):55-77.
17- Cooper,R,l.(1989) Language Planning and Social Change. Cambridge University Press, Cambridge.
18- Einar hHaugen(1972), Language Planning in Modern Norway, Standard University press.
19- Johnson, David Cassels, (1999), Language policy, printed and bound by CPI Group(UK)Ltd, Croydon.
20- Mihraban Salih Saeed(2020), Language Planning and Policy in Iraqi Kurdistan from Nationalism to Globalization, PHD Theses, College of Basic Education, University of Sulaimani.
21- Schiffman, harold (1996), Linguistic culture and Language policy, London nd New york, Routledge.